

چیت لێم دەوێ ... هۆنراوەی شاڵاو

چیت لێم دەوێ ؟
لەوەی زیاتر ئاوی چاوم
دەکەی بە شەرابی نۆشت ...
چیت لێم دەوێ ..؟
لەوەی زیاتر خەوی خاوم  دەوەرێنی و
خوێنی دڵم
دەکەی بەکاسە شەربەتێ
بۆ سەر مێزی عیشق وجۆشت ..!
چیت لێم دەوێ ..؟
لە پاش ئەوەی
 هەرچی هەمبوو  هەمووت سووتاند
تاگە یشتە دوا پەیکەری
خۆشەویستی ... و
بە ڕقێکا هەمووت شکاند
چیت لێم دەوێ ... ؟
نامە نەما بۆت نەنووسم
لەسەر لق وچڵ وچرۆ
تۆش شوێن نەما پری نەکەی
لە زە ردەخەنەی بە درۆ
چێت لێم دەوێ ...؟
شەقام نەما
فرمێسکی لێ هەڵنەڕێژم
درەخت نەما لە سێبەریا
خەونێکی نوێی لێ نەنێژم
وەک دارستانی سووتاوو بووم
بە دوای قومێ ئاوتا وێڵ بووم
ئەوساتانەی پێت دەگووتم ...
ئیتر پەیمان
خۆشەویستم ..
گەر تۆ بیابانێکی  ووشک بی
من ڕەهێڵ بم ..
تازە ئیتر چیت لێم دەوێ ...؟
لەدوای ئەوەی
لە بیرت چوو ..؟
ئەورۆژانەی سەدان ناومان
بۆ منداڵی خەونەکانمان

دەنووسی لەسەر  قەدی دار
نەمئەزانی ئەوڕۆژە دێ
هەرچی یادو یادگاریە
لەسەر دڵم ...
 دەبێ بە ئێش و  بە ئازار
ئیتر تازە چیت لێم دەوێ ..
نەکەی هەرگیز
لە خەونیشا بیدرکێنی
نەکەی ڕۆژێ هەڵە بکەی
یان لای کەسێ باسم بکەی
لێرەو لەوێ ..
بڵێی هێشتان خۆشم دەوێ ..
دڵنیابە تاتۆ مابی
لەوەی زیاتر گوێت لێ نابی
هەر پێت دەڵێم ... چیت لێم دەوێ ..؟
بڕۆ ئیتر هیچ تۆم ناوێ
هەموو دونیاشم خۆش بوێ
تاکو ماوم ...
دڵنیابە
تۆم خۆش ناوێ ...